ئەنستیتوتی ئاشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

UNITED STATES INSTITUTE OF PEACE

PEACEBRIEF 31

١٣ی مایس ٢٠١٠ لاپەڕەی١

United States Institute of Peace • www.usip.org • Tel. 202.457.1700 • Fax. 202.429.6063

## کورتەی ئاشتی ٣١

شۆن کێین

E-mail: skane@usip.org

تەل:202 429 3891

# دۆزینەوەی زەمینەی هاوبەش: کەرکوک وەک پارێزگایەکی تایبەت


## بەکورتی:

- هەڵبژاردنەکانی مانگی ئاداری ساڵی ٢٠١٠ یەکسان بونێکی پێش بینی نەکراوی دەرخست لە نێوان هەر دوو لیستی ئەلعراقیە و لیستی هاوپێمانەکانی کوردستان لە پارێزگای کەرکوک کە خاوەن نەتەوەی جۆربە جۆرە و لە ڕووی ستراتژییەوە گرنگە. ئەم ئەنجامە دەرفەتێکی تازەیە بۆ دووبارە بیرکردنەوە لە سەر چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشە بەردەوامەی سەبارەت بە بارودۆخی پارێزگای کەرکوکە.
- تاکوئیستا، "تەنها سەرکەوتوو حوکمی هەمووی کەرکوک وەرئەگری" وەک چارەسەریکی کوتایی بۆ بارودۆخی کیشەی کەرکوک بایەخی پی دراوە و هەوڵی بۆ ئەدری. ڕەنگە گەلێک کارسازتر بێت کە شێواز و مۆدێلەکانی زیاتر وەبەرچاو بگرترێن ئەوانەی ڕۆڵی ڕاستەوخۆ بە دەسەڵاتەکانی خۆجێی دەدەن ڕێکەوتنەکانی بە کردەوە سەبارەت بە پارێزگاکە دابڕێژن؛ گۆمان و ساخ نەبوونەوە سەبارەت بە ماناکانی حکومەت و ئاسایش ڕوون بکەنەوە کە ئێستا بە کردەوە پەرەیان ئەستاندوەو لە گۆڕی دان؛ بێ ئەوەی پێویست بکات هیچ حیزبێک لە ئامانجەکانی سەرەکی خۆی بێ ئەم لاو ئەو لا دەست هەڵبگرێت و بێ ئەوەی سەرپیچی بکریت لە دەستوری عیراق.
- مادەی ١٢٣ی دەستوری عیراق، کە ریگا بە ئەنجومەنەکانی ناوخۆی کەرکوک لە گەڵ حکومەتی فیدڕالّی عێراق دەدات لە گەڵ یەکتر لە کاتی ڕەزامەندی هەر دووک لا ئاڵو گۆڕی دەسەڵاتەکانی خۆیان بکەن، چوارچیوەیەکی پیشکەش دەکات کە دەکرێت عیراقیەکان دەست بە وتووێژێکی جیدی سنوردارنەکراو لە سەر بارودۆخی تایبەتی بەڕێوەبردنی کەرکوک بکەن کە لە گەڵ ئەم ستاندارد و پێوانانە یەک بگرێتەوە.


## پێشەکی

هەڵبژاردنەکانی مانگی ئاداری ٢٠١٠ ئەنجامی پێش بینی نەکراوی هێنایەکایەوە لە ئاستی گشتی عیراق، بەڵام ئاکامی هەرە جێگای سەرسوڕمانی لە شاری کەرکوکی تێکەڵاو لە نەتەوەی جۆربەجۆر، یان پاریزگای کەرکوکە. بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشووی سەرانسەری وڵات ، کە لیستی کوردستان توانی زیاتر لە سەدا پەنجای دەنگەکان بە دەست بێنی لە کەرکوک لەو کاتەی کە هیچ لیستێکی تر نەیتوانی لە سەدا ١٤ی دەنگەکان زیاتر بە دەست بێنی. بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠ یەکسان بوونێکی ئاشکرای دەرخست لە نیوان لیستی ئەلعڕاقیەی سەکیولەر (عەلمانی) و لیستی کوردوستان (١).

> ”تەنگەو چەڵەمەو بێ چارەسەری مەسەلەی کەرکوک ئاکامەکانی ناسەقامگیری بەدواداهەیە. کەرکوک بە بەردەوامی بوویتە هۆی پچراندنی پێشکەوتن لە چەندین مەسەلەی سەرەکی سیاسی لە ئاستی نێشمتانیدا، و بێ چارەسەرییەکەی بارودۆخی کەرکوک ڕێکخستنەکانی ئاسایش و گەیاندنی خزمەتگوازارێکانی گشتی لە پارێزگاکەدا پڕگرفت تر دەکات.“

کەرکوک شارێکی پێک هاتوە لە کوردان و عەڕەب و تورکومان، لە جەرگەی کێشەکانی هەریمی نێوان کورد و عەرەب هەڵکەوتوە کە بە نێو باکووری عیراقدا تێدەپەڕێت. پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە کەرکوک لە نزیکەوە چاودیری کران چونکە ئەو هەڵبژاردنانە وەک ئاماژەیەک یارمەتی دەکەن کە چلۆن دووهەمین هەریمی گەورەی بەرهەم هێنانی نەوتی عێراق دەکرێت لە ڕێفراندومێکی بە پێی دەستوری وڵات مسوگەری بکات داخوا تێکەڵ بە هەریمی کوردستان بیت یا، لە ژێر بەڕێوەبەرایەتی بەغدادا بمێنێتەوە یان ببێتە هەریمێکی خاوەن ئۆتونومی

هیچکام لە ئەو سێ بژارانەی سەرەوە ڕەزامەندی گشتیان بە دەست نەهێناوە. هەروەها ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ ، ئەگەری دەرچوونی ئەنجامی ٤٩ بەرامبەر بە ٥١ بەرز دەکاتەوە ئەگەر بێتوو ئەمڕۆ ڕەفڕاندۆم جێ بە جێ بکرێت _ئەمەش دەرفەتێک دەڕەخسێنێت لە سەر ئەو بەدیل و جێگرەوانە ڕێک بکەون کە سەبارەت بە بارۆدۆخەکانی کەرکوکە (٢).

© USIP 2010 • هەموو مافەکان پارێزراون.

## بژاردنەکانی بەردەست

هەریەکە لەو بژاردانەی بەردەستمانن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، پەیوەندیان هەیە یان بە کوردەکان (کەداوای چوونە سەر هەریمی کوردستان دەکەن)، بە عەرەبەکان ( کە داوای پاراستنی پیوەندیەکان لە گەڵ بەغدا)، یاخود بە تورکومانەکان (کە داوای مانەوەی کەرکوک دەکەن وەک هەریمێکی خاوەن ئۆتۆنوۆمی-حوکمی زاتی).

کوردەکان مافەکانی خۆیان سەبارەت بە کەرکوک لە پێوەندی گۆڕینی بە تەواوی ئەو ناعەدالەتیە مێژووییانەی حوکمی بەعسدا دەبینن کە هەوڵی نەهێشتنی نەتەوەی کوردی لە ئەو هەریمەدا دابووی. هەروەها جەخت لە سەر پێویستی جێ بە جێ کردنی مادەی ١٤٠ ی دەستوری عێراقی دەکەن،کە پرۆسەیەکی بۆ مەبەستی هێنانە دی ئەو سێ هەنگاوانەن و پێکهاتوونە لە : "ئاسایی" کردنەوەی دانیشتوانی کەرکوک، بەڕێوەبردنی سەرژمێرێک بۆ دەستنیشان کردنی دانیشتوانەکانی و ئەنجامدانی رەفەڕاندۆم بۆ ئەوەی کەرکوک بچێتە پاڵ هەریمی کوردستان. بە پێچەوانەوە، عەرەبەکان شاری کەرکوک وەک عێڕاقێکی بچووک چاو لێدەکەن و هەر گۆڕانێک بە سەر بارودۆخەکەی وەک هەنگاوی دەسپێکردنی پارچە بوونی عیراق لە قەلەم دەدەن. کە سەیری قەوارەیەکی ئاوا دەکەین تێیدا ڕەکەبەرایەتی لە گەل یەکتر دەکەن لە هەل و مەرجێکدا کە ئەگەر لایەک بە دەسکەوتێک بگات لایەکی تر هێچ دەسکەوتێکی نابێت، ئەمەش بۆ عەڕەبەکان و کوردەکانی بە گرفت دەکات لە چارەسەریکانی خوازیاری خۆیان سەبارەت بە بارودۆخی کەرکوک دەست هەڵبگرن.

بەئەو حاڵەش، تورکومانەکانی عێڕاقیش داوای مانەوەی کەرکوک دەکەن وەک هەریمێکی خاوەن ئۆتۆنومی بۆ ئەوەی کولتوری خۆیان لە بەرامبەر گروپەکانی تر بپاریزن. ئەو شێواز و مۆدێلەی تورکومانەکان پشتیوانی لێدەکەن، کە تێیدا کەرکوک کاروبارەکانی خۆی بە سەربەخۆیی جێ بە جێ دەکات، وەک ئەگەری چارەسەرێک دێتە بەرچاو. بەڵام، ئەو پێشنیارەش پەسندی گشتی وەدەست نەهێناوە لانی کەم بەشێکی لە بەر ئەوەی ئەبێتە بەربەستێک لە ڕێگای داواکاری کوردەکان. ئەوەش بە تایبەتی لەو کاتەی کە نیزامی فیدرالی عیراق ریگادەدات بە پارێزگاکان، وەک پارێزگای کەرکوک، بۆ ئەوەی بچێتە سەر هەریمەکانی تری عێڕاق، وەک هەریمی کوردستان. بەلام ڕێگا بە دوو هەریمی خاوەن ئوتونومی نادا بۆ ئەوەی یەکتر بگرن (٣). کەواتە، ئەگەر کەرکوک ببیتە هەریمێکی خاوەن ئەتونومی ئەوا دوایی ناتوانی بچێتە سەر هەریمی کوردستان – ئەمەش شکستێکی تاڵە بۆ حیزبە سیاسی کانی کوردستان.

## بەردەوام بوونی بێ چارەسەری ئەگەری گرفتی گەورە دروست دەکات

بێ چارەسەری و تەنگە و چەڵەمەی مەسەلەی کەرکوک ئاکامەکانی ناسەقامگیری بە دوادادێن. کەرکوک بە بەردەوامی بوویتە هۆی پچڕاندنی پێشکەوتن لە چەندین مەسەلەی سەرەکی سیاسی لە ئاستی نیشتمانی عیراقدا. هەروەها ئەو بێ چارەسەرییەی بارودۆخی کەرکوک ڕێکخستنەکانی ئاسایش و گەیاندنی خزمەتگوزاریکانی گشتی پرگرفت تر دەکات.

بەڕێوەبردنی کارۆباری ڕۆژانە لە هەریمەکەدا بوویتە مەسەلەیەکی سیاسی، لە بەر ئەو ڕاستیە کە جێ بە جێکردنی خزمەتگۆزارێکان و ئاسایش دەکرێت وەک بنیات نانی ڕاستێکان لە هەریمەکەدا بدیترێن. بە شێوەیەکی تایبەتی، لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی وە تاوەکو ئێستا، کەرکوک بۆتە خاوەنی دوو ئیدارەی بەڕێوەبردن، کە یەکێکیان سەر بە حکوومەتی فیدڕالی و ئەوی تریشیان سەر بە هەریمی کوردستانە (KRG) و هێندیک جاریش ئەو دوو ئیدارانەش لە ڕێکخستندا رەکابەری یەکتریان کردوە. لە چەند ناوچەیەکی کەرکوک کە لە ژێر کۆنترۆڵی حوکمەتی نێشتمانی عیراقە، حوکومەتی هەریمی کوردستان سەرمایە بۆ پرۆژەی دروستکردنی بناغە و بنیات سازی، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی و هەروەها مووچەش بۆ ئەندامەکانی وەزارەتی ماموستایان دابین دەکات. بەهەمان شێوە، دابینکردنی ئارامی شارەکەش لە نێوان سووپای عێراقی و پێشمەرگە و پۆلیسی عێراقی و هێزەکانی ئاسایش و مەجلیسەکانی سەحووت واتا ناسراو بە ئەنجومەنەکانی ڕابوون (مجالس الصحوه) (٤) دابەشکراوە.

لە ڕوانگەیەکەوە، ئەو دوو جۆرە ڕێکخستنانەی ئیدارەکان لە شاری کەرکوک وەک چارەسەرێکی بە کردەوە بۆ گرفتی خۆجێیی دێتە بەرچاو. بەڵام، مل ملانێی لە دابینکردنی ئارامی و خزمەت گوزارییکان ئەو توانایی شیان هەیە ببیتە هۆیەکی گەورەی ئاڵۆزکردنی ناکۆکی بەردەوام لە سەر بارودۆخی کەرکوک. لە حاڵی سیاسی ئێستای چەقیوی کەرکوک، حیزبەکان بەرژەوەندیان لە ئەوە دا هەیە بەردەوام بۆ بەرژەوندیکانی لە گۆڕی دان فشار بێنن و لە سیاسەتی نێشتمانی دا کەرکوک وەک کارتێکردنیک بەکار بهێنن.

لەڕاستیدا، ناکۆکێکان لەسەر کەرکوک هەڕەشەی کردوە ببێتە هۆی ئەوەی هەڵبژاردنێکانی سەرکەوتووی عێراق بە لاڕێدا بچن و هەروەها داڕشتنی بەرنووسی ئامادەکردنی یاسای نیشتمانی نەوتی عێڕاقی وەلانراوە. کەرکوک بێگومان هەر ئەبێتە هۆی ئاڵۆزکردنی پرۆسەی

© USIP 2010 • هە موو مافە کان پاریزراون.

پێکهێنانی حوکومەتی تازەش کە ئیستا لە گۆڕێ دایە. بەڵام، بە لە بەرچاو گرتنی ئەو کێشە و تێک هەڵچوونانەی نێوان سوپاکانی کوردو عەرەب بەر درێژایی چل ساڵی ڕابردوو، بۆمان دەردەکەوێت کە گەورەترین مەترسی لە ئاکامی نەبوونی چارەسەرێکی پەسندکراو سەبارەت بە بارودۆخی کەرکوک، ئەوەیە کە هەوڵی فرەوان کردنی بەرژەوەندێکان لە سەر ئاستی ئێستا دەبێتە هۆی دروست بوونی شەڕ لە کاتێکدا هێزەکانی سپای ئەمریکی وەک پشتیوانەیەکی پاراستن بکێشێنەوە.

بۆیە لە گەڵ هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی کەرکوک، پێویستە پەرەپێدان بە پرۆسەیەک بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایش و بەڕێوەبردن لە شارەکە بکرێتە یەکێک لە ئامانجە هەرەگرنگەکان. خەڵکانی شاری کەرکوک بە هەمان شێوە داواکارن کە ئەو بارە ئاڵۆزەی شارەکەیان ڕوون ببێتەوە و نارەزامەندی خۆیان دەربڕیوە سەبارەت بە زاڵنەبوونی کومیتەکانی نیشتمانی بەسەر نوینەرە ناوچەییەکان. ئەم خاڵەش نەک هەر لە ڕووی ڕەزامەندێکی دێمۆاکراتیانە گرنگە، بەڵکو بەهەمان شێوە گرنگە لە بەرئەوەی کەرکوکێکان بە شێوەیەکی گشتی لە خەڵکانی تری عێراق زیاترئامادەن (چونکە لە گەڵ یەکتر ژیاون) بۆ دۆزینەوەی چارەسەریک بۆ شارەکەیان

## پارێزگایەکی تایبەت

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی هاوسەنگ بووی ٢٠١٠ ئاماژە دەکەن کە هیچ گروپێک بۆی نیە بە ڕێکخستن و ئامانجەکانی خۆی بۆ هەریمی کەرکوک بگات بێ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دانێشتوانی شارەکە توڕەیی و ناخۆشحاڵ بکات. لە گەڵ ئەوەی هەڵ و مەرجێکی پێش بێنی نەکراو لە گۆڕێ دایە ، هەڵبژاردنەکان داوامان لێدەکەن بە بیرکردنەوەیەکی نوێ چلۆن چارەسەری بارودۆخی کەرکوک بکەین.

تاکوو ئێستا زیاتر بایەخ بە چارەسەرکردنێکی دایمی بۆ بارودۆخی شاری کەرکوک دراوە. ئەو بژارانەی کە لە لایەن حیزبەکانەوە دەخرێنە ڕوو ئاکامەکەی ئەبنە هۆی سەرکەوتنی ڕوونی لایەنەکان و دۆڕانی ئەوانی تر، لە هەل و مەرجێکدا کە ئەگەری ئەوە هەیە دۆڕاوەکان ڕوو لە توند و تیژی بکەن.

بە جێگای ئەوە دەکرێت زیاتر لە بەرژەوەندی دادەبێت کە شێواز و مۆدێلەکانی تر وەبەرچاو بگرین ئەوانەی یارمەتی بە سەقامگیرکردنی سیستمی بەرێوەبردن و ئاسایش لە هەریمەکەدابکەن، لە گەیشتن بە بەرژەوەندی سەرەکییەکانی کوملگاکە لە سەر بارودۆخەکە بچنە پێش، بێ ئەوەی هیچ حیزبیک پێویست بێت بە شێوەیەکی کۆتایی لە ئامانجەکانیان بۆ کەرکوک دەست هەڵبگرن. لە ئەم ڕوانگەدا، مادەی ١٢٣ی دەستوری عێراقی چوارچێوەیەک پێشنیار دەکات کە عێراقی کان ڕەنگە بخوازن بە کارێ بێنن بۆ ئەوەی ڕێگا بدەن کەرکوک وەک "پارێزگایەکی تاێبەت" ی لێ بێت.

بە گشتی، بەرنووسی مادەی ١٢٣ ئامادەکرا بۆ ئەوەیە حوکومەتی فێدڕالی و ئەنجومەنی هەریمەکانی تر بتوانن دەسەڵات ئاڵوگۆڕ بکەن لە نێوان خۆیان لەکاتی ڕەزامەندی هەردوولا.٦ لە حالەتی کەرکوک، ئەو مادەیە ئەکرێت پەیرەو بکرێت بۆ دروستکردنی مۆدێلێکی پارێزگای تایبەت کە بکرێت ئاڵ و گۆڕی بە سەر دا بکرێت و تێیدا:

- لە ژێر ڕەزامەندی هەر دوولا، کەرکوک دەتوانێت پارێزگاری لە پێوەندیکانی دیاریکراوی خۆی بکات لە گەڵ بەغدا وهێندیک لە ئەو پێوەندیانەش کە لە گەڵ هەریمی کوردستان بە درێژایی ساڵی ٢٠٠٣ تا کوو ئێستا دروستی کردوون، بکات بە یاسایی و هەروەها (ئۆتۆنۆمی) حوکمی زاتیشی پێ بدرێت بۆ پاراستی زمانی خۆجێی و داب و نەریتەکانی کەلتوری.
- بە مانەوەی وەک پارێزگا، کەرکوک لە توانای دا دەبێت لە قوناخێکی دواتردا ببێتە هەریمێکی سەربەخۆ، یا تێکەڵ بە هەریمی کوردستان، یان دووبارە بگەڕێتەوە سەر بارودۆخی پاریزگایەکی ئاسایی، بە ئەم مانایە کە دواین بژارەکانی کوتایی سەبارەت بە باردۆخی هەر وا لە بەر دەست دادەبن.
- لە بەر ئەوەی جێبەجێکردنی مادەی ١٢٣ پێویستی بە ڕەزامەندی هەریمە ناوبراوەکە هەیە، بە ئەم شێوەیە دەسەڵاتدارەکانی کەرکوک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕۆلیان دەبێت لە دەستنیشانکردنی بارودۆخی کەرکوک.

شێوازی کردار و رێ و شوێنی مادەی ١٢٣ بە شیوەیەکی قایم و پتەو لە دەستوری عیراقیدا چەسپاوەو هیج جۆرە یەک نەگرتنەوەیەکی لە گەڵ مادەی ١٤٠نیە. بەشێوەیەکی ڕوون، لە بارودۆخی پارێزگایەکی تایبەت بۆ کەرکوکدا هیچ شتیک نیە کە لە گەل هەوڵەکان بۆ پرۆسەی ئاسایی کردنەوە یەک نەگرێتەوە کە ئێستا لە پارێزگاکە لە ئاڕادان، جا سەرژمێریک بەڕێوەدەچێت ، یا خود ڕەفەڕاندۆمێک بۆ یەکلاکردنی چارەنوسی شارەکە لە گۆڕی دابێت.

لە ڕاستێدا، ئەگەر بێتو ئیرادەی سیاسی دروست بیت بۆ جێبەجێکردنی ڕەفەڕاندوم لە کەرکوک، لە ئەوکاتەدا ئەنجامەکەی زاڵ دەبیت بە سەر هەر ڕێکەتنامەیەکی کە پیشتر بریاری لە سەر درابێت بۆ کردنی کەرکوک بە پاریزگایەکی تایبەت.

لە کوتایی ، ئەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە بیرۆکەی ئیدارەکردنی کەرکوک لە لایەن هەولێر و بەغدا، پێشتر پێشنیارکراوە لە

© USIP 2010 • هە موو مافە کان پاریزراون.

لایەن نەتەوە یەکگرتوەکان (U.N) و هەروەها لە لایەن ڕاپۆرتی ئەنستیتوتی واشنگتون بۆ خوێندنەوەکانی ڕۆژهەلاتی نزیکە (Washington Institute of Near East Studies) (٧)بایەخی پێدراوە. ئەو "کورتەی ئاشتی" یەش زیاتر درێژە بەو گفتوگویانە دەدات کە پێشتر کراون لە سەر پێشنیاری (پەیوەندی –دوولا dual – nexus)، کە سەر بەر U.N ە. ئەوەش بە پێشکەش کردنی بیرۆکەی بارودۆخی "دوولا" ، کە بە وردی لە بەرچاوی دەگرێت هیچ لایەنێک پشتگوێ نەخات سەبارەت بە داهاتووی کەرکوک، هەڵبەت بە ئەم شێوەیە نرخی پێک هاتنی سیاسی لە نێو لایەنەکان کەم دەکاتەوە. شێوازی پارێزگایەکی تایبەت لە ڕووی ستراتژی یەوە هەوڵی دابین کردنی ڕۆلی ڕاستەوخۆ بۆ کەرکوکیەکان بۆ بەشدار بوون لە ئەو پڕۆسەیەدا دەدات. ئەو کەرکوکییانەی باوەڕ وایە سەبارەت بە داهاتووی پارێزگاکە لە عیراقیکانی تر بە شێوەیەکی کارێگەرتر و چالاکتر بێر دەکەنەوە.

## ڕێ و شوێن و جێبەجێ کردنی مادەی ١٢٣

جێبەجێ کردنی مادەی ١٢٣ لە سەر کەرکوک پێویستی بە دوو هەنگاوان هەنە. یەکەم، ئەبێ پەرلمانی عیراق چوارچێوەی قانوونی مادەی ١٢٣ پەسند بکات بۆ ئەوەی ڕیکی بخات چلۆن دەسەڵاتەکانی تایبەت دەکرێت بۆ پارێزگاکان بگوێزرێنەوە. پاشان، ڕێکەوتنێکی تایبەت لە سەر کەرکوک دەبێ ئەنجام بدرێت لە ژێر چوارچێوەی ئەو یاسایە. هەر چەندە بڕێک ئاڵۆزی تێدایە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو دوو هەنگاوانە نموونەی پێشووی نێو دەوڵەتی هەیە، بۆ نموونە، کۆمەڵگاکانی خاوەن ئۆتۆنۆمی ئیسپانیا بە هەمان شێوە ئەم دوو هەنگاوەیان پەیڕەو کردوون (٨).

بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوا، لە بەر ئەوەی کەرکوک لە ژێر ئیدارەی نیشتمانیە، هەر جۆرە ڕێکخستنێک بۆ مادەی ١٢٣ لە سەر کەرکوک دەبێت بە جۆری ڕێکەوتنێکی دوو لایەن بێت لە نێوان بەغدا وکەرکوک. بەڵام، بە پێی ئەو واقیعی سیاسی لە گۆڕێدان، بە هۆی ئەو مامەڵە تایبەتییەی کەرکوک لە ناو دەستوری عیراق و یاساکانی تر هەیەتی، هەروەها بە هۆی ئەو ڕۆڵەی کە حوکومەتی هەریمی کوردستان هەر پێشتر لە ئەو پارێزگایەدا هەیەتی، ئەبێ چوارچێوەی ئەو یاسایە بەشدار بوونی حکومەتی هەریمی کوردستان لە ڕێکەوتنی مادەی ١٢٣ سەبارەت بە کەرکوک بە پێویست بزانێت . هەروەها حیزبە سیاسیەکانی کوردیش، بە هۆی بەشداربوونیان وەک هێزێکی کاریگەر لە دروستکردنی هەرهاوبەندێکی حکومەتێکی نیشتمانی عیراق،لە داڕشتنی بەرنوسی قانونی مادەی ١٢٣ و لە هەر ڕێکخستنێکی تایبەتی کە بۆ داهاتووی کەرکوک پێش بینی دەکرێت بەشداری دەکەن.

باسکردنی بەوردی تەواوی خاڵەکان و ئەو بابەتانەی کە پێویستن چوارچێوەیەکی یاسای مادەی ١٢٣ باسیان بکات، لە قەبارەی ئەو خاڵە پۆختەکراوانە بە ئەو لاترە بەڵام بەلانی کەمیش بووبێت پێویست بە شی کردنەوەن:

- کێ دەسەڵاتی پێدەدرێت بە ناوی حکومەتی عیراقی و پارێزگای ناوبراو لە سەرڕێکەوتنێک گفت و گۆ بکات.
- چلۆن ئەنجامی هەر چەشنە لە ڕێکەوتنەکان لە لایەن حکومەت ناوبراوەکان دەبێت پەسند بکرێن .
- ڕێ و شوێنەکان بۆ گۆڕین یا هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنناماکە.
- داواکارێەکانی تایبەتی یا بڕیارەکان بۆ ڕێکەوتنەکانی مادەی ١٢٣ سەبارەت بە پارێزگای کەرکوک. بە هەمان شێوە، ئەو ڕێکەوتننامەی لە نێوان بەغدا، هەولێر و کەرکوک ئەگەر موفاوزاتی لە سەر بکرێت بۆ ئەوەی کەرکوک ببێتە پارێزگایەکی تایبەت، ئەوا پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە چارەسەر بکردرێن:
- کام لە دەسەڵاتەکان دەستبەجێ دەگوازرێنەوە بۆ کەرکوک. بۆ نموونە، پەروەردە و فێرکردن، کار و خزمەت پێ ئەسپاردن بە کەرتی گشتی و بردنە سەری پلەی کۆنترۆڵی بودجە.
- کام دەسەڵاتەکانی تریش ئەکرێت بە پێی کاتی پێویست بگوازرێتەوە بۆ کەرکوک، کە دەسەلاتەکانی پێوەندیدار بە بەڕێوەبردن و دابینکردنی ئاسایشێش دەگرنەوە، لە کاتێکدا کەرکوک توانایی پارێزگا و دروستکردنی ئەو دەزگایانە لە خۆ نیشان دەدات کە بەڕێوەیان دەبات.
- حکومەتی هەریمی کوردستان چ نەخشێک سەبارەت بە دابینکردنی خزمەتەکانی دیاریکراو بۆ کەرکوک یان ناوچەکانی جۆغرافی تری کەرکوک دەگێڕێت.
- ئەو دەسەڵاتانەی ئەگوازرێتەوە بۆ کەرکوک چون گۆڕانکاری دەکرێن و چۆن لە باری دارایی یارمەتی یان بۆ تەرخان دەکرێت.

## دەرئەنجام

چارەسەرکردنی گرفتە گەورەکانی، وەک بارودۆخی کەرکوک، لە ڕێگای دەستور و سیاسی یەوە گرنگی زۆریان بۆ داهاتووی عێراق هەنە. لەهەمان کاتدا، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی دابەشبووی ٢٠١٠ ی شاری کەرکوک جەخت لە سەر ئەوە دەکەن کە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەوەی کە

© USIP 2010 • هە موو مافە کان پاریزراون.

تەنها یەک لایەنی سەرکەوتوو دەتوانێت هەموو چارەسەرێکان لە پارێزگاکەدا بکات وێدەچێت ئاکامی درێژە کێشانی ئەو ئاستە بی چارەسەرییەی بەدوادابێت. لە هەمان کاتدا مەترسیش لە ئەوەدایە کە باری ئێستای کەرکوک خراپتر ببێت و ئیدعاکانی سەبارەت بە کەرکوک لە ڕێگاکانی ترەوە هەوڵی بۆ بدرێن.

ئەم "کورتەی ئاشتی"یەش، بە مەبەستی هاریکاری کردن بە عێراقیکانە بە وردی چاو لێبکەن چلۆن بەربەستی سەبارەت بە مەسلەی کەرکوک لابەرن ئەویش لە ڕێگای گونجاندنی ماددەی ١٢٣ی دەستوری عێراق، بۆ ئەوەی ناڕوونی جیدی سەبارەت بە حوکم کردن لە هەریمەکەدا چارەسەربکەن و گفتو گویەکی جیدی لە سەر باردۆخی پاریزگایەکی تایبەت بۆ کاتێکی سنوردارنەکراو بۆ کەرکوک بەڕێوەبەرن. بێ ئەوەی هیچکام لە بژارەکانی سەبارەت بە بارودۆخی کەرکوک بە شێوەیەکی هەتا هەتایی لا بدەێن، ئەو شێوازەی تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی بارودۆخی کەرکوک لە هەوڵ دایە ڕێگا بە هەموو لایەنەکان بدات هێندیک پێوانەی سەرکەوتن تاقی بکەنەوە بێ ئەوەی هیچ لایەنێک توشی شکستێکی بە تەواوی بێت.

## تێبینیەکانی کۆتایی

١ – لیستی عێراقیە سەدا ٣٨ی دەنگەکانی بەدەست هێنا و لیستی کوردوستانیش سەدا ٣٧ی بەدەست هێنا(ئەنجامەکانی، مۆرنەکراو).

٢- پێش بینی لێدەکریت کە پشتیوانانی لیستی کوردوستان و ئوپوزیسیونی کوردی حیزبی گۆڕان و حیزبە بچووکەکانی تری کوردی دەنگ بدەن بە چوونی کەرکوک بۆ سەر هەریمی کوردوستان و حیزبە عەلمانیەکانی عەرەب و تورکومانیش دژ بە ئەو هەنگاوە دەنگەکانیان بەکار بهێنن. حیزبە کوردیەکان نزیکەی لە سەدا پەنجای دەنگەکانیان بە دەست هێنا لە هەڵبژاردنەکانی مانگی ٣ی ٢٠١٠، کە ئاماژە بە یەکسانبوونی ئەنجامەکان دەکات لە کاتی جێ بە جیکردنی ڕەفراندۆم.

٣- یاسای عێراق ٢٠٠٦ لە سەررێ و شوێنەکانی ئیجرائاتی (تەنفیزی) بۆ پێک هێنانی هەریمەکان ئەو هەنگاوانە دادەمەزرێنیت بۆ ئەوەی چلۆن پارێزگایەک "تێکەڵ" بە هەریمیک بێت کە لە گۆڕێدا هەیە. بەرنوسی پێش کۆتایی ئەو یاسایە هەنگاوەکانی یەکبوونی هەریمەکانیشی تیادابوو، بەڵام ئەمانە دەرهاویشتران، ئەوەش ئاماژە بەوە دەکات کە عیراقیەکان لە بەرچاویان گرت و ئەم ئەگەرەیان پەسند نەکرد واتا لە گەڵ یەکبوونی دوو هەریمدا نین.

٤- کورتەی تۆژینەوەکانی ناوچەیی U.N. بۆ پارێزگای کەرکوک. ئەم ڕاپۆرتانە بە وردی باسی پێکهاتن و باری ئاسایش و خزمەتەکانی ناو شاری کەرکوک دەکەن، بەڵام بۆ بەکارهێنانی گشتی تەرخان نەکراون.

٥- ئەو گفتوگویە، لە گەڵ کەیسێکی تر سەبارەت بە ڕەسمی کردنی ڕیکخستنەکانی دوو لایەنەی کەرکوک ئەکرێ بدۆزریتەوە لە ناو:

:Michael Knights and Ahmed Ali, “Kirkuk in Transition

,١٠٢ # Confidence Building in Northern Iraq, “The Washington Institute for Near East Policy, Policy Focus ٢٠١٠,April

٦- دەقی تەواوی مادەی ١٢٣ بەئەم شێوەیە " ئەو دەسەڵاتانەی لە لایەن حوکمەتی فێدڕالەوە بە کار دەهێنرێن دەکرێن بگوازرێنەوە بۆ پارێزگاکان یاخود بە پێچەوانەوە، لە کاتی ڕەزامەندی هەر دوو حوکمەت. وە ئەو هەنگاوانەش ئەبێ بە پیی یاسا جێ بەجێ بکرێن."

٧- سەیری ئەم سەرچاوە بکە:

“Kirkuk in Transition: Confidence Building in Northern Iraq”

.٤٣-٤٢ , بەتایبەتی لاپەرە ٢٠ تا ٢٦ ، ٤٢ تا ٤٣.

٨- لە ژێر دەستوری ئیسپانیای ساڵی ١٩٧٨، ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەن مافی خۆ بەڕێوەبردنیان هەیە چەند جۆرە دەسەڵاتێکی دیاریکراویان پێدراون. بەڵام لە ژێر یاسای پەرلەمانی نیشتمانی ئیسپانیا بۆ دامەزراندنی حوکمەت و دەزگاکانی تر ”Organic Act“ ئەکرێ دەسەڵاتی زیاتر ببەخشرێت بە ئەو کۆمەڵگایانە. هەروەها ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەن حوکمی زاتین بەهەمان شێوە دەسەڵاتیان هەیە بۆ ڕێکەوتن لە سەر هاریکاری بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریە جۆربەجۆرەکان لە نێوان خۆیان. هەر چەندە ئەو جۆرە هاریکاریانە لە وانەیە پێویستی بە ڕەزامەندی دادگا نیشتمانیەکان هەبێت.

## سەبارەت بە کورتەی ئاشتی

ئەو کورتەی ئاشتیە لە لایەن (شۆن کێین) نوسراوە، کە ئەفسەری پرۆگرامی عیراقیە لە بنکەی ئوپەراسیۆنەکانی ئاشتی و ئارامی دوای – شەر، لە ئەنستیتوتی ئاشتی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. لە کاری پێشوی لە N.U. چەند لێکولێنەوەیەکی مەیدانی گرنگی ئەنجامداوە لە سەر مێژووی کەرکوک و چونیەتی پێک هاتنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی.

United States
Institute of Peace
17th Street NW 1200
Washington, DC 20036
202.457.1700
www.usip.org

PeaceBrief 31
Finding a Common Ground:
Kirkuk as a Special
Governorate (Kurdish)

USIP- ئەو تۆژینەوانە و مەشق پێدان و کەرەسانە دابین دەکات کە پێشگێری لە کێشەکان دەکات و کۆتاییان پێ دێنێت، سەقامگیری و کارامەیی کانی بواری بنیات نانی- ئاشتی پەرەپێدەدات.

سەبارەت بە پرسیارەکانی میدیا پێوەندی بکەن بە ئۆفیسی ڕاگەیاندن و پێوەندیکانی گشتی:

202 429 4725

© USIP 2010 • هە موو مافە کان پاریزراون.